Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

# نەخشەڕێی گۆڕانکاری
# لە ڕێژەی کۆتای ژناندا

ئارام جەمال:
دیزاینەر لە سیستمەکانی هەڵبژاردندا



کانونی یەکەم 2021

# نەخشەڕێی گۆڕانکاری ڕێژەی کۆتای ژنان لە پەرلەمانی کوردستاندا

## خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی پەیوەست بە کۆتای ژنان

## پێشینەیەک

**کۆتا وەک زاراوە بە واتای (بەش، بڕ، پشک) دێت و جێخستنی ئەم چەمکە لەناو یاساکانی هەڵبژاردنە گشتییەکانی وڵاتان و هەرێمەکاندا بە ئامانجی ئاسانکاری و دەستەبەرکردنی ژمارەیەک کورسی نوێنەرایەتییە بۆ گروپە پەراوێزخراوەکانی ناو کایەی سیاسی، جا ئەو پەراوێزخستنە بەهۆی ڕێگری کەلتوری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بێت (وەک ڕەگەزی مێ)، یاخود بە هۆکاری کەمی ژمارەیانەوە بێت (وەک پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایینییەکان، خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان).**

**ساڵی 1995 لە کۆنگرەی پەکین لە وڵاتی چین بڕیاردرا کە پێویستە ڕێژەی بەشداری ژنان لە ناو پەرلەمانەکانی وڵاتانی دنیادا لە (30%) کەمتر نەبێت، چونکە ئەگەر بەشداری ژنان لەو ڕێژەیە کەمتر بێت، ئەوە وەك ئەوە وایە پەرلەمانەکان تەنها لە سەر پیاوان قۆرغکرابن. دواتر وەک دەرەنجامێکی ئەم بڕیارە و لە ڕاپۆرتی یەکێتی پەرلەمانتارانی جیهاندا، کە ڕۆژی (01-06-2017) دەرچوو، ئاماژە بەوە دەدات کە بەهۆی گرتنەبەری شێوازەکانی کۆتاوە ئاستی بەشداری ژنان لە پەرلەمانەکانی (193) وڵاتدا بەرەو پێشچووەو لە پەرلەمانی (37) دەوڵەتدا ڕێژەی بەشداری ژنان لە سەرو (30%)یەوەیە، کە وڵاتی (ڕەواندا) لە پلەی یەکەمدایەو لە کۆی (80) کورسی پەرلەمانەکەی، ژنان پشکی (51) کورسیان بەرکەوتووە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (63,7%).**

**لە پێنج هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستاندا[1]، تەنها لە یەکەم هەڵبژاردنیدا، کە ڕۆژی (1002-05-109) بەڕێوەچوو، کۆتای ژنان نەبووەو تێیدا (٦) کاندیدی ژن دەرچوون بۆ پەرلەمان، لەوە بەدواو لە هەڵبژاردنی خولی دووەمەوە (ساڵی ٢٠٠٥)،**

---

1 لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ەوە، پێنج هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراوە: (خولی یەکەم- مایسی 1992)، (خولی دووەم- کانونی دووەمی 2005)، (خولی سێهەم- تەموزی 2009)، (خولی چوارەم- ئەیلولی 2013) ،، (خولی پێنجەم- ئەیلولی 2018)

**بەهۆی چەسپاندنی کۆتای ژنان لەناو دەستوری هەمیشەیی عێراق و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، کۆتای ژنان هاتۆتە نێو (یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 1992)و دواتریش لە (یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانئ پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009 )دا دەقنوسکرا و رێژەی لانیکەمی (30%)ی کۆی کورسییەکانی پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزکاو قەزاو ناحییەکانی بۆ دەستەبەرکرا. (سەیری خشتەی ژمارە -1- بکە).**

.

**شێوازەکانی کۆتا**

**ئەگەرچی چەند شێوازێک لە کۆتای ژنان لە پەرلەمانەکانی وڵاتانی جیهاندا کاری پێدەکرێت[2]، بەڵام لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەم دوو شێوازەی کۆتا پیادەدەکرێت:**

**شێوازی یەکەم:**

**دیاریکردنی لانیکەمی رێژەی سەدیی نوێنەرایەتیکردن لە پەرلەماندا**

**ئەم شێوازە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ کۆتای ژنانە[3] و رێژەی ژنان لە هەردوو یاسای پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا نابێت لە (٣٠%) کەمتر بێت[4]، واتە ئەو رێژەیە سنوردار نییە و دەکرێت لە (٣٠%) زیاتر بێت.**

**بەم شێوازە دەوترێت (باشترین نەبراوەکانی کاندیدانی مێ- الخاسرات الافضل) لەبەرئەوەی دەبێت لەنێوان هەر سێ کاندید و هەر سێ براوەی ناو لیستێکدا یەکێکیان ژن بێت و لە دوای دەرچوونی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن باشترین کاندیدانی نەبراوەی ژن بچنە جێگەی دواهەمین کاندیدانی براوەی پیاو.**

---

2 لە هەندێک ئەدەبیاتی هەڵبژاردندا باس لەوە دەکات کە سێ جۆر سیستمی کۆتا لە پەرلەمانەکانی دەوڵەتانو هەرێمەکاندا پیادەدەکرێت: 1/ کۆتای بە یاساکراوی پاڵێوراوانی ژنان Legislated Candidate Quotas، 2/ کۆتای خۆبەخشانەی حزبەکان Voluntary Party Quota، 3/ تەرخانکردنی کورسی Deserved Seats Quota.

3 لە مادده (بیست و دوو)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و بڕگە (2)ی ماددەی (حەوتەم) لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2009)دا دەقنوسکراوە.

4 لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە کە " نابێت رێژەی نوێنەرایەتیکردنی ژنان لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی عێراقدا لە (٢٥%) کەمتر بێت (م٤٩/ ب چوارەم).

**شێوازی دووەم :**

**تەرخانکردنی ژمارەیەک کورسی سنوردار لە پەرلەماندا**

**ئەم شێوازە لە یاساکانی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستاندا خۆی لە تەرخانکردنی (١١) کورسیدا دەبینێتەوە بۆ پێکهاتە نەتەوەییەکان (٥ کورسی بۆ پێکهاتەی کلدو سریان و ئاشوری، ٥ کورسی بۆ پێکهاتەی تورکمان، ١ کورسی بۆ پێکهاتەی ئەرمەن). جیاوازی ئەم شێوازە لەگەڵ شێوازی یەکەمدا لەوەدایە کە ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکان سنوردارەو زیاد و کەم ناکات.**

**کۆتای ژنان و سیستمەکانی هەڵبژاردن**

**پەیوەندی نێوان سیستمەکانی هەڵبژاردن و کۆتای ژنان بە پلەی سەرەکی وەستاوەتە سەر بە ژمارەی کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردنەوە. بە کورتی دەتوانین بڵێین:**

**"هەر سیستمێکی هەڵبژاردن قەبارەی بازنەی هەڵبژاردنەکەی یەک کورسی بێت (وەک سیستمەکانی براوەی یەکەم، دوو خولی، دەنگی ئەڵتەرناتیڤ، سیستمی بۆردا) ئەوا کۆتای ژنان بە شیوازی یەکەم تێیدا کارناکات چونکە لەلایەکەوە قەبارەی بازنەی هەڵبژاردنەکە یەک کورسییەو تاکە کورسییەکیش دابەشناکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتی بردنەوەی ئەو تاکە کورسییەش لەلایەن کاندیدانی ژنانەوە نزیکە لە مەحاڵەوە. بەڵام هەر سیستمێکی هەڵبژاردن، قەبارەی بازنەی هەڵبژاردنەکەی فرە کورسی بێت (وەک سیستمەکانی لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، یەک دەنگی گوێزراوە، یەک دەنگی نەگوێزراوە، دەنگدان بە کۆ، یەک دەنگی سنوردار) ئەوا بە ئاستی جیاواز دەرفەت لەبەردەم کۆتای ژناندا دەڕەخسێت بەوەی کارلێک لەگەڵ ئەو سیستمی هەڵبژاردنەدا بکات و دەرهاویشتەی جیاواز بخاتەوە.**

**کۆتای ژنان و سیستمی هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستان**

**هەر پێنج خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بە سیستمێکی هەڵبژاردن بەڕێوەچووە کە پێیدەگوترێت "لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی-PRL"، کە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بۆ حزبە کوردییەکان یەک بازنەی هەڵبژاردنەو فرە کورسییە (100 کورسی)، لەو ژمارەیەش ڕێژەی لانیکەمی (30%) کورسییەکانی پەرلەمانەکەی بۆ کۆتای ژنان بە (شێوازی باشترین نەبراوەکانی کاندیدانی ژن) دیاریکراوە.**

**کێشەی ئەم سیستمەی لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەوەدایە کە ژمارەی دەنگەکانی زۆربەی کاندیدە براوەکانی هەڵبژاردن (بە پیاو و ژنەوە) لە خوار**

دابەشکاری هەڵبژاردنەوەیە و بە دەنگی تەواوەتی خۆیان دەرناچن، بەڵکو دەرچونیان بە هۆی ئەو دەنگانەوەیە کە لە لیستی حزبەکەیانەوە بۆیان دەگوێزرێتەوە و دەیانکاتە براوەی کورسی. هەربۆیە لەم بارەدا ناتواندرێت داوای ئەوە بکرێت کە ئەو کاندیدە ژنانەی بەهۆی گواستنەوەی دەنگەوە دەرچوون و ژمارەی دەنگەکانیان لە ئاستی دابەشکاری هەڵبژاردن یان سەروتردا نییە، لە دەرەوەی ڕێژەکەی کۆتای ژنانەوە ئەژمار بکرێن، تا لەو ڕێگەیەوە ژمارەی کاندیدانی براوەی ژن هەڵبکشێت و لەو ڕێژەیە زیاتر بێت کە یاساکە بۆی دیاریکردون.

**نەخشەڕیی گۆڕانکاری لە کۆتای ژناندا**

بۆ ئەوەی بتوانرێت داوای زیادکردنی ژمارەی نوێنەرانی ژنان بکرێت لە پەرلەمانی کوردستاندا، ئەوا پێویستە لە هەنگاوی یەکەمدا سیستمی لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بگۆڕدرێت و ببێتە سیستمێکی هەڵبژاردنی زۆرینە، کە بازنەی هەڵبژاردنەکەی (فرە کورسی) بێت، چونکە لەم سیستمی هەڵبژاردنەی زۆرینەدا کاندیدەکان دەنگیان بۆ ناگوێزرێتەوە و بە دەنگی خۆیان دەردەچن، بەمەش زەمینەی پێگەیاندنی ژنی سەرکردە تا ئەو شوێنە دەڕەخسێت، کە لە هەنگاوی دووەمدا لانیکەم یاسادانەران ناچار بکرێن بەوەی کە ڕێژەی سەدیی کۆتای ئافرەتان لە (30%)ەوە بەرزبکەنەوە بۆ (40%) و (50%)، ئەگەر نا، مانەوە لەم سیستمی هەڵبژاردنەی ئێستای لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا، جگە لە چەقبەستوویی و خولانەوە بە دەوری ئەو ڕێژەیەی ئێستادا هیچ کرانەوەیەک بە ڕووی زیادکردنی ژمارەی کاندیدانی ژن لە پەرلەمانی کوردستاندا روونادات و بەشداری سیاسی ژنان بۆ ماوەیەکی درێژتر لە بازنەیەکی داخراودا دەهێڵیتەوە..

**ئارام جەمال: دیزاینەر لە سیستمەکانی هەڵبژاردندا**

## سەرچاوەکان:

- یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.
- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان وقەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009ی هەموارکراو.
- دەستوری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥).
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی هەرێمی کوردستان.

- In national parliaments situation as of 1st May 2017, World and Regional Average, the Inter-Parliamentary Union, 14 November 2013.

**پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن** ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانجنەویستە، ناوەڕاستی ساڵی (2002) لەلایەن چەند یاساناس و پارێزەرێکەوە دامەزرێنراوە، پەیمانگە هەوڵدەدات لە پێناو بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەنگدەران و هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنە گشتییەكان لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

ناونیشان: بەنزینخانەی بینایی - کۆڵانی بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی - باخی نوری عەلی ئەمین - گەڕەکی نێرگز ژمارە 148 - کۆڵانی ژمارە 38 - خانوی ژمارە 23

https://goo.gl/maps/Kh4B6tcwCaz4dSp77

kielections@gmail.com
www,kielections.com

07701573210

# پاشکۆ
## خشتەی ژمارە -1-
## ڕێژەی سەدیی باشترین نەبراوەکان
## لە پێنج خولەکەی پەرلەمانی کوردستان

| خولی پەرلەمان/ ئافرەتان | | ژمارەی ئافرەت | ژمارەی پیاو | کۆی گشتی | جۆری لیستی ڕێژەیی | کۆتای ژنان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خولی یەکەم 1992/ | ژمارەی پەرلەمانتار | 6 | 99 | 105 | لیستی داخراو | کۆتای ژنان نییە |
| | ڕێژەی سەدی | 5,7% | 94% | 100% | | |
| خولی دووەم/ 2005 | ئەندامانی پەرلەمان | 27 | 84 | 111 | لیستی داخراو | کۆتای ژنان هەیە |
| | ڕێژەی سەدی | 24% | 76% | 100% | | |
| خولی سێیەم/ 2009 | ئەندامانی پەرلەمان | 39 | 72 | 111 | لیستی داخراو | کۆتای ژنان هەیە |
| | ڕێژەی سەدی | 35% | 65% | 100% | | |
| خولی چوارەم 2013/ | ئەندامانی پەرلەمان | 34 | 77 | 111 | لیستی نیمچە کراوە | کۆتای ژنان هەیە |
| | ڕێژەی سەدی | 31% | 69% | 100% | | |
| خولی پێنجەم/ 2018 | ئەندامانی پەرلەمان | 34 | 77 | 111 | لیستی نیمچە کراوە | کۆتای ژنان هەیە |
| | ڕێژەی سەدی | 31% | 69% | 100% | | |

## خشتەی ژمارە -2-
## ژنان لە نێوان کۆتاو دەرچونی ژناندا
## لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا

| کۆتای ژنان | ژنە کاندیدانی حزبەکان | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| ژنە پەرلەمانتارانی پارتی | | |
| 12 کۆتا | 2 دەرچووە بە گواستنەوەی دەنگ | 14 |
| ژنە پەرلەمانتارانی یەکێتی | | |
| 1 کۆتا | 5 دەرچووە بە گواستنەوەی دەنگ | 6 |
| ژنە پەرلەمانتارانی گۆڕان | | |
| 1 کۆتا | 3 دەرچووە بە گواستنەوەی دەنگ | 4 |
| ژنە پەرلەمانتارانی نەوەی نوێ | | |
| 2 کۆتا | سفر دەرچووە بە گواستنەوەی دەنگ | 2 |
| ژنە پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی | | |
| 2 کۆتا | سفر دەرچووە بە گواستنەوەی دەنگ | 2 |
| ژنە پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی | | |
| 2 کۆتا | سفر دەرچووە بە گواستنەوەی دەنگ | 2 |
| ژنە پەرلەمانتارانی پێکهاتەکان | | |
| 3 کۆتا | 1 دەرچووە بە گواستنەوەی دەنگ | 4 |
| 23 | 11 | 34 |

## خشتەی ژمارە -3-
## ڕێژەی کۆتای ژنان
## لە پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکانی هەرێمی کوردستاندا

| حزبە سیاسییەکان | ڕێژەی کۆتای ژنان لە پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکاندا |
|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | %10 |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | %20 |
| بزوتنەوەی گۆڕان | %8 |
| جولانەوەی نەوەی نوێ | هەوڵدەدەن بگاتە (%50) |
| کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان | %10 |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | (%25) کەمتر نەبێت |